بسم الله الرحمن الرحيم

# وەقایعی کوردستان

رۆژنامەی رەسمیی حکومەتی هەرێمی کوردستانە / وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە (٣٣) سالّی سێیەم ٢٠٠٢/٧/١٨ ز (٢٧)ی پووشپەڕ ٢٧٠٢ کوردی (٨) جمادی الأول ١٤٢٣ی کۆچی

## لەم ژمارەیەدا :

33


- یاسای ژمارە (١١)ی سالّی ٢٠٠٢ی — ل١
  یاسای یەکەم هەموارکردنی یاسای ژمارە (١٧)ی سالّی (١٩٩٩)ی پارێزەرایەتیی هەرێمی کوردستان
- یاسای ژمارە (١٢)ی سالّی ٢٠٠٢ی — ل٧
  یاسای ئەنجومەنی بالاّی وەرزشی هەرێمی کوردستانی عێراق
- یاسای ژمارە (١٣)ی سالّی ٢٠٠٢ی — ل١٣
  یاسای یەکەم هەموارکردنی یاسای ژمارە (١٠)ی سالّی (٢٠٠٢)ی رەسمە عەدلییەکان
- بڕیاری ژمارە (٧)ی سالّی ٢٠٠٢ی پەرلەمانی کوردستان — ل١٥
  حوکمەکانی بڕیاری ژمارە (٧)ی سالّی ٢٠٠١ هەموو موعامەلەکانی سەرلەنوێ تۆمارکردنەوە دەگرێتەوە لە رۆژی (١٩٩١/٣/٥)ـەوە جاریە .
- ڕێنمایی ژمارە (٢)ی سالّی ٢٠٠٢ی وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری — ل١٦
  ڕێنمایی بەکرێدانی پاوان
- بەیاننامەی ژمارە (١)ی سالّی ٢٠٠٢ی پەرلەمانی کوردستان — ل١٨
  دەربارەی هەڵەیەکی چاپ لە یاسای حزبەکان ژمارە (٧)ی سالّی ٢٠٠٢
- بەیاننامەی ژمارە (٢)ی سالّی ٢٠٠٢ی پەرلەمانی کوردستان — ل١٩
  دەربارەی هەڵەیەکی چاپ لە بڕیاری ژمارە (٦)ی سالّی ٢٠٠٢
- بەیاننامەی ژمارە (٤)ی سالّی ٢٠٠٢ی وەزارەتی داد — ل٢٠
  پێکهێنانی دادگای دووەمی تاوانی هەولێر
- بەیاننامەی ژمارە (٥)ی سالّی ٢٠٠٢ی وەزارەتی داد — ل٢٠
  کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی ووردبینی لە دیوانی وەزارەتی داد


www.geocities.com/dad_kurdistan
e.mail: waqaea@yahoo.com

☎ 2230351,2230352,2230353,2220512

بسم الله الرحمن الرحيم

# وقائع كوردستان

الجريـدة الرسـمية لحكـومة أقليم كوردسـتان العـراق – تصـدرها وزارة العـدل

العـدد (٣٣) السـنة الثالثة ١٨/٧/٢٠٠٢م (٢٧) پووشپەر ٢٧٠٢ ك (٨) جمادي الأول ١٤٢٣ هـ

## في هذا العـدد

قانون رقـم (١١) لسـنة ٢٠٠٢ ص٢١
قانون التعديل الأول لقانون المحاماة لأقليم كوردستان

قانون رقـم (١٢) لسـنة ٢٠٠٢ ص٢٦
قانون المجلس الأعلى للرياضة في أقليم كوردستان العراق

قانون رقـم (١٣) لسـنة ٢٠٠٢ ص٣١
قانون التعديل الأول لقانون الرسوم العدلية رقم (١٠) لسنة ٢٠٠٢

قرار رقـم (٧) لسـنة ٢٠٠٢ ص٣٣
سريان احكام القرار رقم (٧) لسنة ٢٠٠١ على معاملات
التسجيل المجدد الجارية أعتباراً من ٥/٣/١٩٩١

تعليمات رقـم (٢) لسـنة ٢٠٠٢ لوزارة الزراعة و الري ص١٦
تعليمات أستئجار المراعي في أقليم كوردستان العراق

بيان رقـم (١) لسـنة ٢٠٠٢ ص٣٤
تصحيح الخطأ المطبعي الوارد في قانون الأحزاب المرقم (٧) لسنة ٢٠٠٢

بيان رقـم (٢) لسـنة ٢٠٠٢ ص٣٥
تصحيح الخطأ المطبعي الوارد في القرار المرقم (٦) لسنة ٢٠٠٢ قرار الغاء
المزايدات التي جرت في مدينة أربيل بتأريخ ٣١/٨/١٩٩٦

بيان رقـم (٤) لسـنة ٢٠٠٢ لوزارة العـدل ص٢٠
تشكيل محكمة جنايات أربيل الثانية

بيان رقـم (٥) لسـنة ٢٠٠٢ لوزارة العـدل ص٢٠
أستحداث مديرية التدقيق في ديوان وزارة العـدل

www.geocities.com/dad_kurdistan
e.mail: waqaea@yahoo.com

سعر النسخة (٥) دنانير

٢٢٣٠٣٥١,٢٢٣٠٣٥٢,٢٢٣٠٣٥٣,٢٢٢٠٥١٢

**بە نـاوی خـوای بەخشـندەو میهرەبـان**
**بە نـاوی گەلــەوە**
**ئەنجـومەنی نیشتمانیی کوردسـتانی عێـراق**
**ژمارەی دەرهێنـان : ١١**
**رۆژی دەرهێنـان : ٢٠٠٢/٦/٢٥**

پـشت بـە حوکمـەکانی برگـە (١)ی مـاددەی (٥٦) و مـاددەی (٥٣) لـە یاسـای ژمـارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢) و ، لەسەر داوای وەزیری داد و رەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیـران و ، ئەو یاساکارییەش کە ئەنجومـەنی نیـشتمانیی کوردسـتانی عێـراق لـە دانیـشتنی ئاسـایی ژمـارە (٢٤)ی رۆژی (٢٠٠٢/٦/٢٤) یـدا ئـەنجامی داوەو ، بـە پێـی ئـەو دەسـەڵاتەش کـە برگـە (٣)ی مـاددەی دووەمـی یاسـای ژمـارە (١٠)ی سـاڵی ١٩٩٧ پێمـانی داوە ، بریـاری دەرهێنـانی ئـەم یاسایەی خوارەوەمان دا :

**یاسـای ژمـارە (١١)ی سـاڵی ٢٠٠٢**
**یاسای یەکـەم هەموارکـردنی یاسـای ژمـارە (١٧)ی سـاڵی (١٩٩٩)ی**
**پارێـزەرایـەتی هـەرێمی کـوردسـتـان**

**ماددەی یەکـەم :**

برگـەی دووەم ، لـە مـاددەی سـیازدەی یاسـاکە هـەموار دەکـرێ و وەك ئەمـەی خـوارەوە دەخوێنرێتەوە :

دووەم : ئەگەر پارێزەر ، بە بێ مەعزەرەتی بەجێ بۆ دوو ساڵی دوابـەدوای یـەك لـە ئابوونـەی بەشداربوون و رسومی بریار لەسەردراو دواکەوت و نەیدا ، ئـەوە لـەو بـارەدا نـاوی لـە لیستەکە دووردەخرێتەوە و ئەو ماوەیەی بە پارێزەرایـەتی بـۆ لـە قەڵـەم نـادرێ و بـۆ قیـدەمیش حساب نـاکرێ . جـا ئەگـەر ویستی دەست بکاتـەوە بـە پـارێزەری ئـەوا پێویستە لەسـەری داوایـەك پێشکەش بکات ، کە سەر لە نوێ نـاوی تۆمـار بکرێتـەوەو دەشـبێ شەرتوشـرووتی ماددەکانی (٤،٦،٧)ی یاساکەش رەچاو بکرێت.

**ماددەی دووەم :**

برگـەی (یەکـەم) لـە مـاددە چـواردەی یاسـاکە هـەمواردەکرێ و وەك ئەمـەی خـوارەوە دەخوێنرێتەوە:

یەکەم : ئەو کەسەی ناوی لە لیستەکە دوور خرابێتەوە ، ناشێ هـیچ جۆرە ئیشێکی پـارێزەری بکات تا سەرلەنوێ ناوی تۆمار نەکرێتەوە.

ئـەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی سێیـەم :**

ماددەی پازدە لە یاساکە پووچەڵ دەکرێتەوە و ، ئەمەی خوارەوە دێتە جێگای :

یەکەم : رەسمی تۆمارکردنی ناو لە لیستەکەدا وەك خوارەوە دەبێ:

١. بۆ ئەو کەسەی تەمەنی لە چلْ سالْ تێپەڕیبێ و ، زیاتر لە سێ سالّیش بەسەر وەرگرتنی بڕوانامەی بەکالوریۆسی یاسا یان هاوتاکەیدا رابوردبێ (٤٥٠) چوار سەد و پەنجا دینارە.

٢. بۆ ئەو کەسەی پێشتر بۆ ماوەیەك کە لە سێ سالّی سەرومڕ (مستمر) کەمتر نەبێ دادگایی کردبێ یان وانەی یاسایی بە دەرس گوتبێتەوە یان وەزیفەی سەرۆکی ئیددیعا یان موددەعیی گشتی یان راوێژکاری یاسایی لە دایەرەکانی هەرێمدا دیتبێ (کردبێ) (٢٥٠) دوو سەد و پەنجا دینارە ، هەروەها بۆ ئەو کەسەش کە بۆ ماوەیەك لە پێنج سالْ کەمتر نەبێ وەزیفەی جێگری موددەعیی گشتیی بەسەر بردبێ.

٣. بۆ ئەو کەسەی تەمەنی لە چل سالْ تێنەپەڕیبێ و سێ سالّیش بەسەر وەرگرتنی بڕوانامەی بەکالوریۆسی یاسا یان هاوتاکەیدا رانەبوردبێ ، هەروەها بۆ ئەو کەسەش کە ماوەیەك پارێزەرایەتی کردبێ لە سێ سالْ زیاتر نەبێ (٢٠٠) دوو سەد دینارە.

٤. بۆ ئەو کەسەی تەمەنی لە چل سالْ تێپەڕیبێ و ، ماوەی سێ سالْ بەسەر وەرگرتنی بڕوانامەی بەکالۆریۆسی یاسا یان هاوتاکەیدا رانەربوردبێ (٤٠٠) چوار سەد دینارە.

٥. بۆ ئەو کەسەی کە پێشتر ، بە حوکم ، ناوی لە لیستەکە دوور خرابێتەوە (٥٠٠) پێنج سەد دینارە.

دووەم : رەسمی فراوانکردنی صەلاحییە (رەسمی پلەبەندی) وەك ئەمەی خوارەوە دەبێت:

١. لە مەشقکارەوە تا موماریس (١٠٠) سەد دینارە.

٢. لە موماریسەوە تا راوێژکار (٢٠٠) دوو سەد دینارە.

سێیەم : ئابوونەی بەشداربوونی سالآنە وەك ئەمەی خوارەوە دەبێت :

١. بۆ پارێزەری مەشقکار (٥٠) پەنجا دینارە.

٢. بۆ پارێزەری موماریس (١٠٠) سەد دینارە.

٣. بۆ پارێزەری راوێژکار (١٥٠) سەد و پەنجا دینارە.

**ماددەی چوارەم :**

**یەکەم :** ئەم دەقەی خوارەوە بۆ برگەی (سێیەم)ی ماددەی شازدەی یاساکە زیاد دەکرێ و زنجیرەکەی دەبێتە (٥) :

٥. گرێبەستی بە سیفەتی راوێژکاری یاسایی بۆ یەك دایەرەی رەسمی یان نیمچە رەسمی یان بۆ یەك بانك بە مەرجێ ئیشەکەی بریتی بێت تەنیا لە راوێژکردنی یاسایی و مافی ئەوەی نەبێت ببێتە وەکیلی ئەو لایەنە لە دەعواگەلێکدا کە ئەو لایەنە خۆی دەیکاتەوە یان لە دژی دەکرێتەوە.

ئـــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

دووەم : ئەم برگەیەی خوارەوە بۆ مادده شازدەی یاساکە زیاددەکریٚ و دەبێتە برگەی (چوارەم):
چوارەم : ماوەی خزمەت لە دادگاکان و ئیددیعای گشتی ، یان لە بەڕێوەبەرایەتی مافەکان لە دایەرەیەك لە دایەرەکانی هەرێم یان لە وانەوتنەوەی کۆلیجی یاسا ، دوای وەرگرتنی بڕوانامەی بەکالۆریۆسی یاسا یان هاوتاکەی بۆ پلەدار کردنیٚ کەدەقەکەی لەم ماددەیەدا هاتووە ، حساب دەکریٚ.

**ماددەی پێنجەم :**

ماددەی نۆزدەمینی یاساکە پووچەڵ دەکرێتەوەو ، ئەمەی خوارەوە دێتە جێگای :

**یەکەم** : پارێزەریٚ ناوی لە لیستەکەدا تۆمار نەکرابیٚ ناشیٚ راوێژکاریی یاسایی بکات یان ببێتە وەکیلی غەیر و ئیددیعای مافگەلیٚ بکا و لە بەردەمی دادگاکان و لایەنگەلی لیٚ پێچینەوەدا دیفاعی لیٚ بکات یان ناکۆکی یەکلابکاتەوە ، تەنیا ئەمەی خوارەوە نەبیٚ:

١. ئەوانەی دەعوای سەربە چاککردنی کشتوکاڵ و ئەحواڵی شەخصی و ئەحواڵی مەدەنییان لە دادگاکاندا هەیە ، بۆیان هەیە مێردیان و خەزووریان و خزمی تا پلەی دووەمیان بکەنە وەکیل ، کەسێکیش بە پێی (ولایە یان وصایە یان قەیمومە یان تولیە) جێگای کەسێکی تر بگرێتەوە ، ئەویش ئەو مافەی هەیە.

٢. وەزیری پێوەندیدار یان سەرۆکی لایەنێك کە سەر بە وەزارەت نییە ، بۆیان هەیە فرمانبەرێکی خاوەن بڕوانامەی بەکالۆریۆسی یاسا (بەشی یاسا)ی خۆیان لە جیاتی خۆیان دابنێن کە لە مورافەعەی بەردەم دادگاکان و ئەو لایەنانەی کە خەسڵەتی یاساییان هەیە ، لەم دەعوایانەی خوارەوەدا ئامادە بن :

أ. لەو دەعوایانەدا کە دایەرەیەك لە دایەرەکانی دەوڵەت تەرەفێك بێت تێیداو بەهاکەی لە (٢٥٠٠٠) بیست و پێنج هەزار دینار زیاتر نەبێت.

ب. لەو دەعوایانەدا کە لە نێوان دایەرەکانی دەوڵەت یان هەندێکیان لە دژی هەندێکیان دەیکەنەوە ، سا بەهای دەعواکە هەر چەندیٚ دەبیٚ ، ببیٚ.

**دووەم** : لیژنەیەك بۆ دابەشکردنی دەعوا حکومییەکان ، لە سیٚ ئەندام پێك دەهێنریٚ یەکێکیان نوێنەرایەتی وەزارەتی دارایی و ئابووری دەکات ، کە ئەو وەزارەتە لەناو ئەو فرمانبەرانەی خۆیدا کە بڕوانامەی بەکالۆریۆسی یاسایان هەیە دایدەنیٚ و ، دووەمیان نوێنەرایەتی سەندیکای پارێزەران دەکات کە سەندیکا لە ناو پارێزەرە راوێژکارەکاندا دایدەنیٚ و ، ئەندامی سێیەم ئەو دایەرەیە دایدەنیٚ کە وەکالەتەکە بۆ هەر دەعوایەك ، بەجیا ، دەکاتەوە.

**سێیەم** : دەعواگەلی دایەرە رەسمیو نیمچە رەسمییەکان کە دەیانەویٚ پارێزەرێکی تێدا بکەن بە وکیلی خۆیان مافەکانیان بپارێزیٚ ، تەنها ئەو لیژنەیە دابەشیان دەکات و ، دانانی پارێزەرەکەش بە پێی گرنگیی دەعواکەو بە رەزامەندیی زۆرینەی ئەندامانی لیژنەکە دەبێت.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی شەشـەم :**

ماددەی بیستەمی یاساکە پووچەڵ دەکرێتەوەو ئەمەی خوارەوەی لە جێگا دادەنرێ :

**یەکەم :** پارێزەر بۆی هەیە بۆ پاراستنی خاوەن وەکالەتەکە هەر ڕێگایەکی یاسایی بگرێتە بەر کە خۆی بە شایانی بزانێ و ، هەر شتێکیش لە سکاڵانامەی دەعواکە دا بنووسێ یان لە مورافەعەدا بڵێ و بنووسێ کە ئیلتیزامی مافی دیفاعی تێدا بێ بەرپرس نابێ.

**دووەم :** پێویستە پارێزەر لە لایەن دادگاکان و لایەنگەلی لێ پێچینەوەو دایەرەکانی هەرێم و مەرجەعەکانی دیکەوە ڕێزی لێ بگیرێو بایەخی شیاو بە پلەوپایەی پارێزەریی پێ بدرێ. ئەو لایەنانە پێویستە ئاسانکاریی زەروورو ئوسوڵیی کە بۆ ئەنجامدانی پیشەکەی پێویستە بۆی فەراهەم بکەن و ناشێ داوکاریە نووسراوەکانی پشت گوێ بخەن و ، پێویستە لە سەریان دادکاگان و لایەنە دادگاییەکانی لێ دەرچێ . لە ماوەی ئەو پەڕی یەك هەفتە دا (کە لە ڕۆژی تۆمارکردن و وەرگرتنی داواکارییە نووسراوەکانییەوە دەست پێ دەکا) سەیری بکەن و بیبڕنەوە ، خۆ ئەگەر هات و لەو ماوەیەدا نەبڕدرایەوە ، ئەوە لەو بارەدا پارێزەرەکە پێویستە سەندیکای لێ ئاگادار بکات.

**سێیەم :** پێویستە لەسەر دادگاکان و لایەنەکانی لێ پێچینەوە ڕێگا بدەن بە پارێزەر ، پێش ئەوەی وەکالەتەکە وەربگرێ فایلی دەعواو ئەوراقی لێپێچینەوە بخوێنێتەوەو سەیری هەموو شتێك بکات ، کە پێوەندیی بەو مەسەلەیەوە هەیە کە دووی کەوتووە . هەروەها پێویستیشە لە سەریان کە ڕێگای بدەنێ لە لێپێچینەوەی سەرەتاییدا یان لە هەر ئیجرایەکی یاسایی دیکەدا ئامادەبێت.

**چـوارەم :** ناشێ کتێبەکانی پارێزەر و کەلوپەلی نووسینگاکەی دەستی بەسەردا بگیرێ و بفرۆشرێت.

**ماددەی حەوتەم :**

بڕگەی (چوارەم) لە ماددەی بیست و پێنج هەمواردەکرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە :

**چوارەم :** پێویستە لەسەر لایەنە ناوبراوەکانی بڕگە (یەکەم)ی سەرەوە ڕێژەی (١٠٪)ی مزوکرێی راوێژکاریی پارێزەر دابشکێنن و و پارەکە هەواڵەی سەندیکا بکەن تا بە داهاتی خۆی تۆماری بکات ، بە مەرجێ ساڵی لە (٢٥٠) دوو سەد و پەنجا دینار کەمتر نەبێت.

**ماددەی هەشتەم :**

ماددەی سیو پێنج لە یاساکە پووچەڵ دەکرێتەوە و ئەمەی خوارەوەی لە جێدادەنرێت:

ئــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کــــــوردستان

**یەکەم :** دادگا ، بەبێ ئەوەی داواشی لێ بکرێ ، حوکم دەدات بەسەر ئەو کەسەدا کە هەموو دەعواکە یان بەشێکی دۆڕاندووە مزوکرێی پارێزەرایەتی ئەو هەندەی کە دۆڕاوە بدات بە

www.mojkurdistan.com

دژەکەی ، کە ئەویش پارێزەری هەبووە ، کەسێکیش کە لەسەر داواکاریی خۆی دەعواکەی پووچەڵ کرابێتەوە ، ئەویش (تەنها لە رووی مزوکرێی پارێزەرایەتیەوە) حوکمی دۆڕاو دەیگرێتەوە.

**دووەم :** دادگا حوکمی مزوکرێی پارێزەرایەتی بەم شێوەی خوارەوە دیار دەکات :

١. رێژەی (١٠٪)ی بەهای حوکم پێ دەرچووەکە (المحكوم به) بە مەرجێ لە (٥٠٠٠) پێنج هەزار دینار نەترازێ.

٢. رێژەی (٥٪)ی بەهای بەدەلی بە موڵك كردن بە مەرجێ لە (٣٠٠٠) سێ هەزار دینار نەترازێ.

٣. لە دەعواگەلی ئەحوالی شەخصی و ئەو دەعوایانەش کە بەهایان دیارنەکراوە و لەو دەعوا سزاییانەشدا کە بە مافی مەدەنی بنبڕدەکرێن ، لە (١٠٠) سەد دینار کەمتر نابێ و لە (٥٠٠) پێنج سەد دیناریش ناترازێ.

**سێیەم :** دادگا بۆ وەکیلەکانی دایەرەکانی هەرێم لەو فرمانبەرانەی کە بە پێی برگەی (یەکەم - ٢)ی ماددەی نۆزدەی یاساکە بۆ مورافەعە دەنێردرێن حوکمی مزوکرێیەکیان بۆ ئەدا کە هاوتابێ لە گەڵ مزوکرێی ئەو پارێزەرایەتییەدا کە حوکمی بردنەوەی (کسب) دەعوای بۆ دەدرێ کە دەقەکەی لە برگە (دووەم)ی سەرەوەدا هاتووە ، تەواوی مزوکرێیەکەش (كامل الأتعاب) کە حوکمەکەی پێ دەرچووە بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش دەکرێت:

١. (٣٠٪)ی بۆ ئەو فرمانبەرەیە کە لە دەعواکە مورافەعەی کردووە.

٢. (٢٠٪)ی بۆ کارمەندانی دایەرە یاساییەکان یان بەشی یاسایی لەوانەی کە بڕوانامەی بەکالۆریۆسی یاسا یان هاوتاکەیان هەیە.

٣. باقیمەنی مزوکرێیەکە بە داهاتی گەنجینە (خزينة)ی هەرێم تۆماردەکرێت.

**ماددەی نۆیەم :**

برگەی (یەکەم)ی ماددەی سیونۆ لە یاساکە هەمواردەکرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

**یەکەم :** پارێزەر بۆی هەیە کە لە گەڵ بە وەکیل دانەرەکەیدا (موكلە) لەسەر گرێبەستێکی نووسراو پێك بێت کە لە لایەن سەندیکاوە تەسدیق دەکرێت بەرامبەر بە رەسمێکی دیارکراو کە (٢٥) بیست و پێنج دینارە ، دەدرێت بە سەندیکا.

**ماددەی دەیەم :**

برگەی (یەکەم)ی ماددەی چل و هەشتی یاساکە هەمواردەکرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە :

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**یەکەم :** دەستەی گشتی هەر سیٚ ساڵ جاریٚك (کە لە رۆژی هەڵبژاردنی ئەنجومەنەوە دەست پیٚ دەکا) کۆدەبیٚتەوە.

**ماددەی یـازدە :**

مادەی حەفتاونۆی یاساکە پووچەڵ دەکریٚتەوەو ئەمەی خوارەوەی لە جیٚ دادەنریٚ:

**یەکـەم :** وەزیـری دارایـی و ئـابووری ، لـە چوارچـیٚوەی دەقـەکانی ئـەم یاسـایەدا ، ریٚنمـایی بـۆ دیارکردنی مزوکریٚی پاریٚزەرایەتی دەردەچویٚنیٚ بۆ ئەو دەعوایانەی کە دایەرەیەك لە دایەرەکانی هەریٚم دەبیٚتە تەرەفیٚك تیٚیدا.

**دووەم :** ئەنجومـەنی سـەندیکا بـۆی هەیـە ریٚنمـایی پیٚویـست بـۆ سـانا کردنـی بەرکارخـستنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربهیٚنیٚ.

**ماددەی دوازدە :**

پیٚویستە وەزیرە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە بەرکار.

**ماددەی سـیازدە :**

ئەم یاسایە لە رۆژی بلاٌوکردنەوەی لە (وەقایعی کوردستان) دا ، دەخریٚتە بەرکار.

**د. رۆژ نـوری شـاوەیس**
**سـەرۆکی ئە نجـومـەنی نیشـتمانیی کوردسـتانی ـ عیٚـراق**

ئـــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بە نـاوی خـوای بەخشـندەو میهرەبـان**
**بە نـاوی گەلـــەوە**
**ئە نجـومەنی نیشتمانیی کوردســـتانی عێـراق**
**ژمارەی دەرهێنـــان : ١٢**
**ڕۆژی دەرهێنـــان : ٢٠٠٢/٧/١**

پـشت بـە حوکمـەکانی بڕگـە (١)ی مـاددەی (٥٦) و مـاددەی (٥٣) لـە یاسـای ژمـارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)و لەسەر داوای وەزیری ڕۆشنبیری و ڕەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران و ئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لـە دانیشتنی ئاسایی ژمـارە (٢٦)ی ڕۆژی (٢٠٠٢/٦/٣٠) یدا ئەنجامی داوە و بە پێی ئەو دەسەڵاتەش کە بڕگە (٣)ی ماددەی دووەمـی یاسـای ژمـارە (١٠)ی سـاڵی ١٩٩٧ پێمـانی داوە ، بڕیـاری دەرهێنـانی ئـەم یاسـایەی خوارەوەمان دا :

## یاسـای ژمـارە ( ١٢ )ی سـاڵی ٢٠٠٢
## یاسـای ئە نجومـەنی بـاڵای وەرزشی هەرێمی کـوردستانی عێراق

### (( بەشـی یەکـــەم ))
### پێنـاسـەکـان

**ماددەی یەکـەم :**

مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە :

هەرێم : هەرێمی کوردستانی عێراق .

ئەنجومەن : ئەنجومەنی باڵای وەرزشی هەرێمی کوردستانی عێراق .

سەرۆك : سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای وەرزشی هەرێمی کوردستانی عێراق .

ئەمینداری دارایی : ئەمینداری کاروباری دارایی ئەنجومەنی باڵای وەرزشـی هـەرێمی کوردسـتانی عێراق .

مەکتەب : مەکتەبی یانەو یەکێتییە وەرزشییەکان لە بارەگای ئەنجومەنی باڵای وەرزشی هەرێمی کوردستانی عێراقدا .

یـەکێتی : دەسـتەیەکی وەرزشـییە ، بـە ئەنجومەنـەوە پەیوەسـتە ، سەرپەرشـتیی کاروبـاری گەمەیەك لە گەمە وەرزشییەکان دەکات .

یانە : دەستەیەکی بە پێی یاسا ئیجازە پێدراوە ، لە کۆمەڵێ خـەڵك پێـك دێـت کـە لـە هزرێکـی وەرزشیدا یەك دەگرنەوە.

ئـــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــوردستان
www.mojkurdistan.com

## (( بەشى دووەم ))
## دامـەزرانـدن و فـرمان و ئاما نجـەكـانى

**ماددەى دووەم :**

بە پێى ئەم ياسايە ، ئەنجومـەنێ بـە نـاوى (ئەنجومـەنى بـالاّى وەرزشـى هـەرێمى كوردسـتانى عێراق) ساز دەدرێت و بە بالاّترين دەستەى كاروبـارى وەرزشـيى هـەرێم لـە قەڵـەم دەدرێ و بـە سەرۆكايەتيى ئەنجومەنى وەزيرانەوە پەيوەست دەبێ و بارەگاكەشـى لـە هـەولێرى پايتـەختى هەرێمدا دەبێو ، لەمانەى خوارەوە پێك دێت :

يەكەم / دەستەى گشتى ، لەمانە پێك دێت :

١. سەرۆكانى يەكێتييە وەرزشييەكانى هەرێم .
٢. سەرۆكانى يانە وەرزشييەكانى هەرێم .
٣. بەرپرسانى ليژنە گەلى وەرزشيى پارێزگاكان .

دووەم : دەستەى تەنفيزى ، لەمانەى خوارەوە پێك دێت :

١. سەرۆك .
٢. جێگرى سەرۆك .
٣. سكرتێر .
٤. ئەميندارى دارايى .
٥. بەرپرسى يانەو يەكێتييە وەرزشييەكان .
٦. بەرپرسى مەكتەبى پێوەنديگەل و راگەياندن .
٧. بەرپرسى ليژنە گەلى وەرزشيى پارێزگاكان .
٨. نوێنەرى وەزارەتى رۆشنبيرى .
٩. نوێنەرى وەزارەتى پەروەردە .
١٠. نوێنەرى فێركردنى بالاّ .
١١. نوێنەرى وەزارەتى كاروبارى پێشمەرگە .
١٢. نوێنەرى وەزارەتى ناوخۆ .
١٣. نوێنەرى لاوانى كوردستان .
١٤. (٣) سێ شارەزاى پسپۆڕ كە سەرۆك بە رەزامەنديى ئەنجومەن ناوزەديان دەكات .

سێيەم : ليژنە وەرزشييەكانى پارێزگاكان :

ليژنـەى پارێزگـا لـە (٣) سێ ئەنـدام پێك دێـت كـە لـە لايـەن سـەرۆكايەتى يـەكێتى و يانـە وەرزشيەكانى پارێزگاكەوە هەڵدەبژێردرێن و ليژنەكەش لە ناو ئەندامەكانى خۆيدا سەرۆكێك و بەرپرسـێكى دارايـى بـۆ خـۆى هەڵدەبـژێرێ . ئەركى سەرشـانى ئـەم ليژنەيـە ئەوەيـە كـە

ئـــــەرشيفى رۆژنامەى وەقايعى كـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

سەرپەرشتی هەموو کاروبارێکی وەرزشیی پارێزگاکە دەکا و راپۆرتگەلی خولاو خول (تقارير دورية) یش لە بارەی بزاڤی وەرزشییەوە پێشکەش بە ئەنجومەن دەکات.

**ماددەی سێیەم :**

ئەنجومەن سەربەخۆیی ئیداری و دارایی خۆی هەیەو شەخسیەتی مەعنەویی خۆیشی دەبێت.

**ماددەی چوارەم :**

ئامانجی ئەنجومەن ئەوەیە کە :

١. خەمخۆریی بزاڤی وەرزشی لە هەرێمدا بکا و بەرەو چاکتری ببات .
٢. بیروباوەڕ و ئامانجەکانی لیژنەی ئۆڵەمپیی نێو دەوڵەتی رەگداکوتاو بکات .
٣. گرنگیی بزووتنەوە و چالاکییەکانی وەرزش زەق و زۆپ بخاتەڕوو بە جۆرێ کە لە گەڵ ئامانجەکانی گەلی کوردستانی عێراقدا بگونجێ .
٤. یاریدەی یانەو یەکێتییە وەرزشییەکانی هەرێم بدات و لە هەموو روویەکەوە پشتیان بگرێ تا بتوانن ئەرك و فرمانی خۆیان بەو شێوەیەی کە ئومێدیان لێ دەکرێ ئەنجام بدەن .
٥. بۆ هاوکۆمەکی و هاودەنگی لە گەڵ یەکێتی و یانە وەرزشییەکانی دەرەوەی هەرێمدا بکەوێتە کار .

**ماددەی پێنجەم :**

یەکەم : دەستەی تەنفیزی ، هەر دوو مانگ جارێك ، کۆبوونەوەیەکی ئاسایی ساز دەدات و ، سەرۆك یان دووسێیەکی ئەندامانیش بۆیان هەیە بۆ کۆبوونەوەیەکی لاوەکی بانگهێشتی بکەن .

دووەم : دەستەی تەنفیزی ئەم ئەرك و فرمانانە دەگرێتە ئەستۆ:

١. بەرنامەی وەرزشیی وەزری وەرزش دادەنێ و دەیخاتە بەردەست دەستەی گشتی بۆ موسادەقە لەسەر کردنی .
٢. ئەرك و فرمان و بزاڤی لیژنە وەرزشییەکانی پارێزگا دیار دەکات .
٣. دابەشکردنی کۆمەکی دارایی بەسەر یانەو یەکێتییە وەرزشییەکاندا رێك دەخات .
٤. بە پێی یاسا ئیجازە بە یانە وەرزشییەکان دەدات .
٥. ئیدارەی دەزگا و یاریگە وەرزشییەکان بەڕێوە دەبات .
٦. بە پێی یاسا یەکگرتنی دوویانە یان زیاتر ئیقرار دەکات .
٧. ئەگەر دەستەی ئیدارەی یانەو یەکێتییە وەرزشییەکان لە یاسا و عورف و عادەتی وەرزشی لا بدەن سزایان بەسەردا دەسەپێنێ ، بە لە کارخستن و هەڵوەشاندنەوەشیانەوە .
٨. سەلاحییەتی دەرهێنانی فەرمانگەلی ناردنی شاندی بۆ ناوەوە و دەرەوەی هەرێمیش هەیە .

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

## ((بەشى سێيەم))

**ماددەى شەشەم :**

ئەرك و فرمانەكانى سەرۆك :

سەرۆك ئەم ئەرك و فرمانانەى خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ :

١. سەرۆكايەتيى كۆبوونەوەى دەستەى گشتى و دەستەى تەنفيزى دەكات .
٢. لە بەردەمى دادگا و لايەنەكانى ديكەى حكومەت و لايەنى ديكەشدا نوێنەرايەتيى ئەنجومەن دەكا و ، دەشتوانێ كەسێكى تر لە جياتى خۆى بۆ ئەو ئەركە دابنێ .
٣. بە پێى بنيچە ياساييەكان هەموو گرێبەست و پێكهاتنە وەرزشييەكان ئيمزا دەكات.
٤. لە گەڵ ئەميندارى داراييدا ئيزنەكانى صەرف و صكوك ئيمزا دەكات .
٥. هەندێ لە ئەرك و فرمانەكانى خۆى بە جێگرى سەرۆك دەسپێرێ .
٦. ئەرك و فرمان و سەلاّحيياتى سكرتێر و ئەميندارى دارايى دەسنيشان دەكات .

**ماددەى حەوتەم :**

دەستەى گشتى ئەمانەى خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ :

١. سەرۆك و ئەندامانى دەستەى تەنفيزى هەڵدەبژێرێت ــ تەنيا نوێنەرانى وەزارەتەكان و لاوانى كوردستان و ئەو شارەزايانەشى لێ دەرچێ كە بە دامەزراندن دادەمەزرێن.
٢. گفتوگۆ لەسەر مەحزەرى كۆبوونەوەكانى پێشتر دەكات .
٣. راپۆرتى چالاكى و پلانە جۆربەجۆرەكانى ساڵى تازەى ئەنجومەن تەسديق دەكات .
٤. گفتوگۆ لەسەر ئەو پێشنيازانە دەكات كە يەكێتى و يانە وەرزشييەكان پێشكەشى دەكەن ، ئەوجا بەر لە كۆبوونەوە ، لە كەمى بە مانگێك بە نووسين پێشكەشى دەكات بە مەكتەبى يەكێتى و يانەكانى ئەنجومەن .
٥. راپۆرتى حساباتى كۆتايى ساڵى دارايى رابوردووى ئەميندارى دارايى ئەنجومەن تەسديق دەكات .
٦. بوجەى ساڵانەى ئەنجومەن ئامادە دەكات و پێشكەشى دەكات بە لايەنە پێوەنديدارەكان.
٧. دروشمى ئەنجومەن دياردەكات .

**ماددەى هەشتەم :**

دەستەى گشتى لە كۆتايى هەموو ساڵێكدا لەسەر بانگهێشتنى نوسراوى دەستەى تەنفيزى كۆبوونەوەيەك ساز دەدات . لەو بانگهێشتەدا دەستەى تەنفيزى كات و جێگاى كۆبوونەوەكە ديار دەكات و ئەم بەياننامانەشى لە گەڵدا دەنێرێ:

١. ليستى ئيشەكان .

ئەرشيفى رۆژنامەى وەقايعى كوردستان
www.mojkurdistan.com

٢. راپۆرتی تەدقیقکاری حسابات لە ئەنجومەن .

٣. راپۆرتی ژمێریاری یاسایی لە بارەی ساڵی دارایی رابوردوو .

٤. خەملاندنەکانی بوجەی ساڵی دادێ .

**ماددەی نۆیەم :**

١. لە کۆبوونەوەی دەستەی گشتیدا ، نیصابی یاسایی بە ئامادەبوونی دووسێیەکی ئەندامان دێتەجێ ، دەنا کۆبوونەوەکە بۆ ماوەی یەك هەفتە دوادەخرێت و نیصاب بە ئامادەبوونی سێیەکی ئەندامان دێتەجێ .

٢. ئەگەر هەلومەرجێکی ناکاو روویداو دەستەی گشتی لە کاتی دیارکراودا کۆنەبووەوە ، ئەوە لەو بارەدا پێویستە لەسەر ئەنجومەن کات و وەختێکی تر بۆ کۆبوونەوەکە دیار بکات و ئەندامەکانیشی لێ ئاگادار بکات .

٣. دەستی گشتی کۆبوونەوەکانی خۆی بە سەرۆکایەتیی سەرۆك سازدەدا و ئەگەر ئەو دیارنەبوو ، ئەوە لەو بارەدا بە سەرۆکایەتیی جێگرەکەی سازی دەدات .

٤. ئەگەر سەرۆك و جێگرەکەشی هەردووکیان دیارنەبوون ، ئەوا کۆبوونەوەکە بۆ ماوەی هەفتەیەك دوادەخرێ ، خۆ ئەگەر هات و لە کۆبوونەوەی دوای ئەوەشدا ئامادە نەبوون ، ئەوە لەو بارەدا دەستەی گشتی لە ناو ئەندامەکانی ئەنجومەندا سەرۆکێك بۆ کۆبوونەوەکە دەسنیشان دەکات .

٥. دەستەی گشتی بڕیارەکانی خۆی بە زۆرینەی رەها دەردەهێنێو ، ئەگەر دەنگەکانیش هاوتابوون ، ئەوە لەو بارەدا دەنگی سەرۆك بۆ کام تایان بووبێ ، بۆ ئەوە .

٦. دەنگدان لەسەر بڕیارەکانی دەستەی گشتی لە رووە .

**ماددەی دەیەم :**

١. دەشێ سەرۆك ، یان دوو سێیەکی ئەندامانی دەستەی تەنفیزی ، بانگهێشتی دەستەی گشتی بکەن بۆ کۆبوونەوەیەکی لاوەکی بۆ گفتوگۆکردن لەسەر مەسەلەگەلی دیارکراو.

٢. دەستەی گشتی ناشێ کۆبوونەوەیەکی لاوەکی بۆ سەیرکردنی بابەتێك کە لەوە پێش بڕدراوەتەوە ساز بدات تا شەش مانگ بەسەر ئەو کۆبوونەوەیەدا رانەبورێ کە بابەتەکەی تێدا بڕدراوەتەوە .

٣. لە کۆبوونەوە لاوەکییەکاندا هەمان ئیجرائاتی کۆبوونەوە ئاساییەکان دەگیرێتە بەر.

**((بەشی چوارەم))**

**حوکمە داراییەکان**

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان

**ماددەی یازدە :**

دارایی ئەنجومەن لەمانە پێك دێت :

www.mojkurdistan.com

١. ئەو برە پارانەی کە لە بوجەی هەرێمدا بۆی دانراوە .
٢. داهاتی دەزگا و یاریگە وەرزشییەکانی سەر بە ئەنجومەن .
٣. کرێی ماڵ و موڵکی گواستەنی و ناگواستەنیی ئەنجومەن .
٤. باربۆ و بەخشش .
٥. رەسمی ئیجازەپێدانی کردنەوەو رەسمی تازەکردنەوەی ئیجازەی ئەو یاریگەو یانە وەرزشییانەی کە لە لایەن کەرتی تایبەتەوە بەرێوەدەبرێن .

**ماددەی دوازدە :**

حساباتی ئەنجومەن دەکەوێتە ژێر رکێفی ریقابەی داراییەوە .

**ماددەی سیازدە :**

١. ماوەی دەستەی تەنفیزی چوار ساڵی رۆژمێرییە (تقويمية) ، بە مەرجێ ئەندامەکانی دوای هەر خولێکی ئۆڵەمپی سا ، ساز بدرێ یان نەدرێ ، یەکسەر دەسنیشان بکرێن .
٢. لە پاش کۆتایی هاتنی ئەم خولە ئۆڵەمپییەی ئێستا ، ماوەی دەستەی تەنفیزیی یەکەم چوار ساڵی رۆژمێری دەبێت .

## ((بەشی پێنجەم))
## حوکمە کۆتاییەکان

**ماددەی چواردە :**

ئەنجومەن بۆی هەیە رێنمایی پێویست بۆ سانا کردنی بەرکارخستنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربهێنێ .

**ماددەی پازدە :**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت ناخرێتە بەرکار .

**ماددەی شازدە :**

پێویستە وەزیرە پێوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە بەرکار .

**ماددەی حەڤدە :**

ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە (وەقایعی کوردستان) دا ، دەخرێتە بەرکار .

**د. رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق**

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**بە نـاوی خـوای بەخشـندەو میهرەبـان**
**بە نـاوی گەلـــەوە**
**ئە نجـومەنی نیشتمانیی کوردســـتانی عێـراق**
**ژمارەی دەرهێنـــان : ١٣**
**رۆژی دەرهێنـــان : ٢٠٠٢/٧/١**

پشت بە حوکمەکانی برگە (١)ی ماددەی (٥٦) و ماددەی (٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢ و لەسەر داوای وەزیری دارایی و ئابووری و رەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران و ئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٢٦)ی رۆژی (٢٠٠٢/٦/٣٠) یدا ئەنجامی داوە و بە پێی ئەو دەسەڵاتەش کە برگە (٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمانی داوە ، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا :

**یاسای ژمارە (١٣)ی ساڵی / ٢٠٠٢**
**یاسای یەکەم هەموارکردنی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٢)ی رەسمە عەدلییەکان**

**ماددەی یەکەم :**

ماددەی یەکەمی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٢ هەمواردەکرێ و وشەی (یەکەم) کە لە دوای (ماددە/٣٤) ـەوە هاتووە لا دەبرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە :

بڕە پارە و رێژەو سنوورگەلی رەسمە عەدلییەکان کە دەقەکانیان لە ماددەگەلی (١٠،١٥ یەکەم و دووەم ،١٦،١٧،١٩،٢٠/ یەکەم ـــ أ،ب،ج،٢١/یەکەم ،٢٢/ یەکەم ،٢٣ یەکەم و دووەم ،٢٤،٢٥،٢٦،٢٧/یەکەم ،٢٨/یەکەم و سێیەم و چوارەم ،٢٩،٣٤/دووەم و سێیەم ،٣٥/یەکەم و دووەم ،٣٧،٤٢/ یەکەم و دووەم ،٤٣،٤٤،٤٥،٤٩/ سێیەم و چوارەم و پێنجەم ،٥٣/شەشەم و دەیەم)ی یاسای ژمارە (١١٤)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٨١)ی رەسمە عەدلییەکاندا هاتووە ، لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا لەکاردەخرێن.

**ماددەی دووەم :**

ئەو رەسمەی کە لە زنجیرەی (٢١)ی ماددەی (دووەم) دا هاتووە هەمواردەکرێ و بەم شێوەیەی لێ دێت : (٢٪) بە مەرجێ لە (١٠٠٠) هەزار دینار زیاتر نەبێ.

**ماددەی سێیەم :**

پێویستە وەزیرە پێوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە بەرکار.

**ماددەی چوارەم :**

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

ئـەم یاسـایە لـە رۆژی بەرکارخـستنی یاسـای ژمـارە (١٠)ی سـاڵی (٢٠٠٢) وەوە دەخرێتـە بەرکار و لە (وەقایعی کوردستان) دا بلاّودەکرێتەوە.

**د. رۆژ نـوری شـاوەیس**
**سـەرۆکی ئە نجـومـەنی نیشـتمانیی کوردسـتان ـ عێـراق**

ئـــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بە نــاوی خــوای بەخشــندەو میهرەبــان**
**بە نــاوی گەلـــەوە**
**ئە نجــومەنی نیشتمانیی کوردســـتانی عێـراق**
**ژمارەی بــڕیـــــار : ٧**
**ڕۆژی بــڕیـــــار : ٢٠٠٢/٦/٣٠**

## " بــڕیـــــار "

پشت بە حوکمەکانی بڕگـە (١)ی مـاددەی (٥٦) لـە یاسـای ژمـارە (١)ی هـەموارکراوی سـاڵی ١٩٩٢ و لەسەر داوای وەزیری داد و ڕەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیـران ، ئەنجومـەنی نیـشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی (٢٠٠٢/٦/٣٠) یدا ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا :-

**یەکـەم** : حوکمەکانی بڕیـاری ژمـارە (٧)ی سـاڵی (٢٠٠١)ی ئەنجومـەنی نیـشتمانیی کوردسـتانی عێراق ، هـەموو موعامەلـەکانی سـەر لـە نـوێ تۆمارکردنـەوە (التسجیل المجدد)ی زەوی‌وزار و خانووبەرە (العقارات) کە لە ڕۆژی (١٩٩١/٣/٥) ـەوە جارییە ، دەگرێتەوە ، بەڵام ئـەو حوکمانـە ئـەم موعامەلانـەی سـەرلەنوێ تۆمارکردنەوانـە ناگرێتـەوە کـە بـە نـاوی حکومـەتی هـەرێمی کوردستانەوە تۆمار کراون.

**دووەم** : ماوەی تانەلێدان کە دەقەکەی لە بڕگە (أ)ی ماددەی پێنجەمی بڕیاری ژمارە (٧)ی ساڵی (٢٠٠١) هاتووە ، لە ڕۆژی تەبلیغ کردنی پێوەندیدارەکانەوە دەست پێ دەکات.

**سێیەم** : وەزیری داد بۆی هەیە ڕێنماییەگەلێ بۆ سانا کردنـی بەرکارخستنی حوکمـەکانی بڕیـاری ژمارە (٧)ی ساڵی (٢٠٠١) و حوکمەکانی ئەم بڕیارەش دەربهێنێ.

**چـوارەم** : هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم بڕیارە بێت ، ناخرێتە بەرکار.

**پێنجـەم** : ئەم بڕیارە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە (وەقایعی کوردستان) دا ، دەخرێتە بەرکار.

**د. ڕۆژ نـوری شـاوەیس**
**سـەرۆکی ئە نجـومـەنی نیشـتمانیی کوردسـتانی ـ عێـراق**

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری
رۆژ : / / ٢٠٠٢

**((رێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٠٢ دەربارەی بە کرێ دانی پاوان لە هەرێمی کوردستان))**

بۆ ئەوەی سامانی ئاژەڵ و مەڕو ماڵات لە وڵاتەکەماندا روو لە زیادبوون و گەشەکردن بکات و.. لە بەر ئەوەی پاوان و لەوەڕگاش دەورێکی باڵایان لەو گەشەکردن و زیاد بوونەدا هەیە . بریارماندا ئەم رێنماییە دەربکەین:—

١. پێویستە سەرۆکی لقەکانی کشتوکاڵ لە پارێزگاکاندا ساڵانە ئەو رووبەرەی لە پاوان و لەوەڕگاکان کە نیازی بە کرێدانیان هەیە ، ئاشکرایان بکەن و بڵاوی بکەنەوە.
٢. پێویستە ئەو رووبەرانەی کە بە نیازی بەکرێدانین بە پێی پێویست لە نێوان ئەو کەسانەی دەیانەوێت بە کرێی بگرن ، بەسەر چەند بەشێك دا دابەش بکرێن .
٣. گرێبەستی بەکرێدان بە پێی ئەو نموونەیە دەبێت ، کە لای لقەکانی کشت و کاڵ دەست دەکەون.
٤. پاوان و لەوەڕگا تەنها بۆ وەرزێك (موسم) بە کرێ دەدرێت.
٥. دەبێ کرێگرتە لە دوای مۆرکردنی گرێبەستەکە ، هەموو پارەکە بە یەك جار و یەکسەر بدات.
٦. بڕی کرێیەکان بە ناوی خەزێنەی گشتییەوە تۆمار دەکرێن.
٧. هەر کرێگرتەیەك ئەگەر ویستی بیداتەوە یەکێکیتر ، دەبێ رەزامەندی کشت و کاڵ وەربگرێت.
٨. پێویستە ئەو کەسەی ئەو ئیلتزامانەی پێ دەدرێت هەمان مەرجی خاوەن مەڕی تێدا بێت.
٩. بۆ کرێگرتە نییە هیچ داروبار و خانووبەرەیەك لەسەر پاوانەکە یا لەوەڕگاکە دروست بکات ، یاخود پاوانەکە بگۆڕێ و بیکاتە زەوی چاندن.
١٠. لقی کشتوکاڵی ناوچەی پاوان ، چاودێری جێبەجێ کردنی ئیلتیزاماتی کرێ گرتە دەکات و ، هەر سەرپێچییەك بکرێت ئینزاری پێ دەدا و ماوەیەکی بۆ دادەنێت ، ئەگەر گوێ‌دێر نەبوو داوا دەکا گرێبەستەکەی پووچەڵ بکرێتەوەو ، کرێگرتە مافی داواکردنی قەرەبووی نییە.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

١١. بۆ بەرژەوەندی گشتی دەتوانریٚ ئەو گریٚبەستانە پووچەڵ بکریٚنەوە ، کە پیٚویست نین ، لە گەڵ دانەوەی کریٚی ئەو ماوەیەی کە ماوەتەوە.

١٢. هەر کەسیٚ زیٚدە رۆیی بکاتە سەر پاوانی خەڵکانی تر بە پیٚی تقدیری لیژنەی تایبەت غەرامە دەکریٚت.

١٣. بەشیٚکی دۆنمیٚك بە دۆنمیٚك دەژمیٚردریٚت.

١٤. ئەو سزایەی دەدریٚتە زیٚدەڕۆ ریٚگە لەوە ناگریٚت ، کە سزایەکی توندتری پیٚ بدریٚت.

١٥. ئەم ریٚنماییە لە رۆژی بلاوکردنەوەیەوە لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان دا جیٚبەجیٚ دەکریٚت.

**سعد عبدالله عثمان**
